بسم الله الرحمن الرحيم

www.regayrasty.com

**موسڵمانی بەڕێز:** پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرمویت(نوێژ کۆڵەکەی دینە) ,نوێژ وەکو ئەو بەردە وایە کە بۆ بنچینەی خاویەک دادەنرێت, هەر خانویەک بەردی بناغەی نەبێت ئەوا بەشەکانی تری پێک نایەت,بۆیە ئەی موسڵمانی بەڕێز دەبێت بزانیت یەکەم کردەوە کە لە رۆژی دوایی خوای گەورە پرسیارت لێ دەکات لەسەری (نوێژەکانتە) ئەگەر لە نوێژەکانت دەرچووی ئەوا بە پشتیوانی خوا ئەوانەی تریشت ئاسان دەبێت,نوێژێک کە کۆڵەکەی دین بێت و یەکەم شت بێ کە پرسیار لە بەندە بکرێت لەسەری کەواتە ئێمەی موسڵمان پێویستە کە ئەم نوێژە بە شێوەیەکی دروست و ڕاست ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بێت کە خوای گەورە ئەیەوێت و لێمان وەربگرێت,بۆیە لەم بابەتەدا باس لە چونێتی نوێژی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەکەین بۆ ئەوەی هەریەک لە ئێمە بەو شێوەیە ئەجامی بدات .... خوی گەورە نوێژ و طاعەتی هەموومان قبوڵ بکات......

ئامادەکردنی بۆ ڕێگای ڕاستی خوشکە پەیام

# پوختەی چونێتی نوێژی پێغەمبەر

## 1-روکردنە کەعبە

1-موسڵمانی بەڕێز ئەگەر نوێژ بکەی فەرز بێ یان سوننەت لە هەر کوێ بوی روت لە کەعبە بکە روکردنە کەعبە روکنێکە و لە نوێژدا نەبێ نوێژەکە تەواو نابێ.
2-جەنگاوەر لە نوێژی ترس و لەشەڕی توندو تیژدا روکردنە کەعبەی لەسەر نامێنێ.
هەروەها ئەو کەسەی بێتواناش بێت وەکو نەخۆش یان لە ناو کەشتی و ترومبێل و فڕۆکەدا بێت و ترسی ئەوەی هەبێ کاتی نوێژەکەی بەسەر بچێ.
هەروەها ئەو کەسەش کە سوار بێت و نوێژی سوننەت و وەتر بکات جا سوار وڵاخ بێ یان سواری هەر شتێکی تر بێ بەڵام موستەحەب وایە گەر بۆوی بکرێ لەو کاتەی

تەکبیری نوێژدابەستن دەکات روی لە کەعبە بێ پاشان روی لە هەر لایەک دەکات با بیکات.

3-هەر کەسێک کەعبەی لێ دیار بێ لە سەری واجبە چاو ببڕێتە کەعبە بەڵام ئەوەی کەعبەی لێ دیار نەبێ ئەوا ڕوی تێ دەکات.

## حوکمی ئەو نوێژەی بە هەڵەو بە نەزانی روی تێدا برکێتە غەیری کەعبە

4-ئەگەر نوێژی دابەستابو بەڵام بە هۆی تەمو مژ یان بە هەر هۆیەکی تر روی لە کەعبە نەکردبو و هەوڵی سۆراخکردن و دۆزینەوی قیبلەشی دابوو ئەوا نوێژەکەی دروستە و دوبارە کردنەوەی لەسەر نی یە.

5-ئەگەر نوێژی کردوو روی لە قیبلە نەبو لەو کاتەدا کەسێکی وا هاتە لای باوەڕی پێ دەکردو ئاڕاستەی قیبلەی پێ ڕاگەیاند ئەوا لە سەریەتی روی بۆ قیبلە وەسوڕێنێ و نوێژەکەشی تەواوە.

## 2-راوەســــــتان

1- لە سەری واجبە بە راوەستاوی نوێژ بکات ئەمەش روکنە بەڵام لە حاڵەتانەدا واجب نی یە:

لە نوێژی ترس و شەڕی توندوتیژدا دروستە بە سوارییەوە نوێژ بکات.

بێتوانا کە توانای راوەستانی نەبێت ئەگەر پێ ی کرا با دانیشێ ئەگەر نا با لەسەر تەنیشت ڕاکشێ و نوێژەکەی بکات.

لە نوێژی سوننەتشدا بۆی هەیە بە سوارییەوە یان ئەگەر حەزی لێ بوو بە دانیشتە نوێژەکەی بکات.

کڕنوش و سوژدەکشی بە دانواندنی سەری دەبێت بەڵام لە سوژدەکەیدا سەرس نەویتر دەکات بۆ نەخۆشی دانیشتوش هەر بەم جۆرەیە.

2-ئەوەی بە دانیشتنەوە نوێژ دەکات بۆی دروست نی یە شتێکی بەرز لەسەر زەوی دابنێ و سوژدەی لەسەر ببات چونکە ئەگەر نەیدەتوانی راستەوخۆ سەری بخاتە سەر زەوی ئەوا هەروەک پێشتر باسمان کرد سەری نەوی دەکات و لە کڕنوش نەویتر دەبێ.

## نوێژی ناو کەشتی و فڕۆکە

1- نوێژی فەرز لە ناو کەشتی و فڕۆکە دروستە .

2-ئەگەر ترسی بەربونەوە هەبێ بۆی هەیە بە دانیشتنەوە نوێژەکەی بکات.

3-ئەگەر پیر بێ یان جەستەی لاواز و بێتاقەت بێ ئەوا لە راوەستانەکەیدا دەتوانێ متمانە بکاتە سەر ئەستونێک یان گۆچانێک.

## کۆکردنەوە لە نێوان راوەستان و دانیشتندا

1-شەو نوێژ بە راوەستان بێ یان دانیشتن گەر چی عوزریش نەبێ دروستە دەتونێ هەردوکیشیان بەم جۆرە کۆبکاتەوە: نوێژ دەسپێبکا و بە دانیشتن بخوێنێ ئینجا کەمێک پێش کرنوش هەڵستێتەوە و ئەوەندە ئایەتی ماوەتەوە بە راوەستانەوی بیخوێنێتەوە پاشان کرنوش و سوژدە ببات ئینجا لە رکاعەتی دوەمدا هەمان شت دوبارە بکاتەوە.

2-ئەگەر بە دانیشتنەوە نوێژ بکات با چوارچمکی دابنیشێ یان بەهەر جۆرێکی تر کە خۆی پێی خۆشە.

## نوێژ کردن بە پێڵاوەوە

1-بۆی دروستە بە پێ خواسی نوێژ بکات هەروەها بە پێڵاوەوەش دروستە.

2-باشتر وایە جار جار بە پێخواسی و جار جار بە پێڵاوەوە نوێژ بکات چونی بۆ رەخسا بێ ئەوەی لە پێ کردن و لە پێ کردنەوەی پێڵاوەکەی خۆی گرانبار بکاتئەگەر پێ خواس بوو بە پێ خواسی ئەگەر پێڵاویشی لە پێ بوو با بە پێڵاوەوە بیکات.

3-ئەگەر پێڵاوەکانی دەکەند با لە تەنیشتی راستەیان دانەنێ بەڵکو لە تەنیشتی چەپیان دانێ ئەگەر کەس لە تەنیشتی چەپێ نوێژی نەدەکرد ئەگەر نا با لە بەینی لاقەکانی دایانبنێ بەم جۆرە بە صەحیحی لە فەرمانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم گەڕاوەتەوە.

## نوێژ کردن لەسەر مینبەر

ئیمام ئەگەر بیەوێ خەڵک فێر بکات بۆی دروستە لەسەر شوێنێکی بڵندی وەکو مینبەر نوێژ بکات لەسەر مینبەرەکە ڕابووەستێ و(الله اكبر) بکات و بخوێنێ و کرنوش ببات ئینجا پاشەو پاش دابەزێتە خوارەوەو تاکو دەتوانێ لە بنکی مینبەرەکەوە لەسەر زەوی سوژدەکەی ببات پاشان دەگەڕێتەوە سەر مینبەرو لە رکاعەتی دوەمدا هەمان شت دووبارە دەکاتەوە.

## واجبێتی هەبوونی بەربەست و لێ نزیکبوونەوەی

1-بوونی بەربەست بۆ نوێژ واجبە جا لە مزگەوت بێ یا لە شوێنی تر مزگەوتوکەش گەورە بێ یان گچکە هیچ جیاوازی نی یە لەبەر ئەو فەرمودە گشتیەی دەفەرموێ( لا

تصل الا الى سترة ولا تدع احدا يمر بين يديك فان ابى فلتقاتله فان معه قرين) واته: ڕووەو بەربەستێک نەبێ نوێژ مەکە مەهێڵە هیچ کەسێک بە بەردەمات راببورێ ئەگەر هەر ویستیشی تێپەڕێ لێ ی بدە چونکە شەیتانە هاودەمەکەی وای پێ دەکات.

2-واجبە لە بەربەستەکە نزیک بیتەوە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانی پێ کردووە.

3-ماوەی نێوان جێ ی سوژدەکەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و ئەو دیوارەی نوێژی بەرەو ڕوو دەکرد هێندەی ئەو ماوەیە دەبو مەڕێکی پێ تێپەڕیبا جا هەر کەسێک وا بکات ئەوا نزیک بوونەوە واجبەکەی جێ بە جێ کردووە.

## بەرزایی بەربەست

1- بەرزای بەربەستلەسەر زەویدا واجبە بستێک یان دوو بست بێ لەبەر ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە دەفەرموێ ( اذا وضع احدكم بين يديه مثل مؤخرة الرحل فليصل ولا يبالي من وراء ذلك)واتە: هەر یەکێکتان ئەگەر بەرەبستێکی بە قەد بەرزایی پاشکۆی کۆپارەی وشتری لەبەردەمدا بێت با نوێژی خۆی بکات و هەر شتێکیش بە ئەو دیوی بەربەستەکە تێپەڕی گوێ ی پێ نەدات.

2-ڕاستەوخۆ ڕوی لە بەربەستەکە دەکات چونکە لە فەرموودەکاندا وا دەردەکەوێت خۆ وەرگێڕانیش لە بەربەستەکە چ بەلای چەپ یان بە لای ڕاست بە جۆرێک ڕاست بەرامبەر بەربەستەکە ڕانەوەستێ شتێکە لە فەرمودان نەسەلمێنراوە.

22-نوێژ کردن ڕووەو گۆچانێک یان هاوشێوەی گۆچانێکی لە زەوی چەقێنراو یاخود ڕووەو دارێک یان ئەستونێک بێ یان خێزانەکەشی بێت کە لەسەر جێخەوەکەیدا پێخەفەکەی بە خۆ دادابێ و ڕاکشابێ یاخود ڕووەو گیاندارێک بێت ئەگەر چی حوشتریش بێ دروستە.

## حەرامێتی نوێژ کردن ڕووەو گۆڕ

بە هیچ شێوەیەک دروست نی یە موێژ ڕووەو گۆڕ بکرێ با گۆڕی پێغەمبەرا و کەسانی تریش بێ.

## حەرامێتی رابورین بە بەردەمی نوێژکەردا ئەگەر چی لە مزگەفتی کەعبەشدا بێ

تێپەرین بەبەردەمی نوێژکردا ئەگەر بەربەستێکی لە پێشدا هەبێ دروست نی یە جا لە مزگوتی کەعبەدا بێ یان لە مزگەوتەکانی تر بێ لە هەر هەموویاندا هەر نا دروستە لەبەر ئەم فەرمودە مەبەست گشتی یەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە دەفەرموێ( لو يعلم المار بين يدي المصلي ماذا عليه لكان ان يقف اربعين خيرا له من ان يمر بين يديه)

واتە:ئەو کەسەی بەبەردەمی نوێژ کەرێکدا ڕادەبورێ ئەگەر دەیزانی چ گوناهێک

دەخاتە ئەستووی خۆی دەبوایە چل وەختان چاوەڕێ بێ و رانەبوریبا تا نوێژەکەی تەواو دەکرد چاوەڕێ بێ باشترە نەک تێپەڕێ.

## بەرەو پێش رۆشتن بۆ قەدەغە کردنی تێپەڕبوون

بۆی دروستە هەنگاوێک یان زیاتر بەرەو پێش بچێت تا نەهێڵێت کەسێکی نا ئەرکبار (غیر مكلف) بە بەردەمیدا تێپەڕێ و بەڵکە بە پشتیدا رابورێ.

## ئەو تێپەڕ بوەی نوێژ بەتاڵ دەکات

ئەگەر نوێژکەر بەربەستی دانەنا بوو ژنێکی خواناس یان کەرچک یان سەگێکی ڕەشی بە بەردەمدا تێپەری نوێژەکەی بەتاڵ دەبێت بەڵام ئەگەر بەربەستی دانابوو بەودیوی بەربەستەکەدا تێپەڕین نوێژەکەی بەتاڵ نابێ ئەوەیە گرنگی بەربەست.

## 3-نیـــــــــــاز

نوێژ کەر دەبێ لەدڵی خۆیدا نیازی هەبێ کە بەتەمایە نوێچ بکات و دیاریش بکات چ نوێژێک دەکات وەک فەرزی نیوەڕۆ یان عەسر وە یان سوننەتەکانیان

نیازیش مەرجێکە یان ڕوکنێکی نوێژە بەڵام بە دوم درکاندنی نیازەکە بیدعەیە و پێچەوانەی سوننەتە هیچ یەکێکیش لە ئیمامە پەیڕەولێکراو و لاساکەرەوەکان رای نەداوە نیاز بە دەم بگوترێ.

## 4-الله اکبر کردن

1-پاشان نوێژەکەی بە تەکبیرێک دەست پێ دەکات  کە ئەمەش ڕوکنێکە لەبەر ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە دەفەرموێ(مفتاح الصلاة:الطهور وتحريمها:التكبير و تحليلها:التسليم) واتە:دەسنوێژ کلیلی نوێژە تەکبیریش قەدەغەکەری ئەو جولە و تانەیە کە نابێ لە نوێژدا بکرێن سلاو دانەوەش حەڵاڵ کەری جوڵەو وتەکانە کە دەتوانرێ لە دوای تەواو بوونی نوێژدا بکرێن.

2-لە هیچ نوێژێک دەنگی خۆی لە تەکبیردا بەرز ناکاتەوە تەنها ئەگەر ئیمام بێت.

3-بانگ دەر ئەگەر بە پێویستی زانی دروستە تەکبیری ئیمام بە دەنگێگی بەرز بە خەڵک راگەیەنتەوە, بۆ نمونە لە حاڵەتانە: ئەگەر ئیمام نەخۆش بێت یان دەنگی کز بێت یان ژمارەی نوێژکەرانی دواوەی گەلێ زۆر بێ و دەنگی ئیمامیان گوێ لێ نەبێ.

4-تا ئیمام لە تەکبیرەکەی نەبێتەوە مەئموم تەکبیر ناکات.

## دەست بەرز کردنەوەو چۆنێتیەکەی

1 دەستەكانی خۆی لەگەڵ تەكبیرەكەدا یان لە پێشتر یان لە پاشتر بەرز دەكاتەوە هەر سێ جۆریان لە سوننەتدا سەلمێنراون.

2–دەستەكانی بە شێوەیەک بەرز دەكاتەوە كە پەنجەكانی راكشاو بن.

3– هەردوو دەستی تا بەرامبەر شانەكانی بەرز دەكاتەوە جارو باریش لەم ئاستەدا بەرزتری دەكاتەوە تا دەگاتە بەرامبەر گوێكانی.

## دەستگرتن و شێوازەكەی

1– پاش تەكبیری نوێژدابەستن دەستی راستی دەخاتە سەر دەستی چەپ كە ئەمەش سەننەتێكی پێغەمیەرانە علیهم الصلاة والسلام پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم بەم شێوازە فەرمانی بە یاوەران كردووە, بەردانەوە بە خۆدا شۆڕكردنەوەشیان دروست نی یە.

2–بەری دەستی راستی دەخاتە سەر پشتی دەست و مەچەک و باسكی چەپی.

3– جارو باریش بە دەستی راست دەستی چەپی بگرێ.

## شوێنی دانانی دەستەكان

1–دەستەكانی تەنها لە سەر سینگی دادەنێ و لە شوێنی تریان دا نانێ پیا و و ژن لەمەدا بەشدارن.

2–دروست نی یە دەستی راستی لەسەر كەلەكە دابنێ

## دڵكزی و تەماشاكردنی سوژدەگا

1–لەسەری پێویستە لە نوێژەكەیدا دڵكز بێ چاوی لە هەموو ئەو نەخش و نیگارانەش بپارێزێ كە مەشغولی دەكەن لە پێش خواردنێكیش نوێژ نەكات حەزو ئارەزوی بۆ بچێ هەروەها لەو كاتەشدا نوێژ نەكات كە میز و پیسایی تەنگاوی دەكەن.

2–لە راوەستاندا تەماشای سوژدەگاكەی بكات.

3– ئاوڕ بەلای چەپ و {است نەداتەوە چونكە ئاوڕدەنەوە دزینێكی شەیتانە كە لە نوێژی بەندەی دەدزێ.

4– دروست نی یە چاو هەڵبڕێتە ئاسمان

## نزای نوێژ دابەستن

دوای تەكبیری نوێژ دابەستن و دەستگرتنەكەی نوێژەكەی بە چەند نزایەک دەست پێ دەكات كە لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم سەلمێنراون ئەم نزایانەش زۆرن بەڵام ناراوترینیان ئەمەیە كە دەفەرموێ (سبحانك اللهم وبحمدك وتبارك اسمك وتعالی جدك ولا اله

غيرك) لەبەر ئەوەی نزایەکان لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم سەلمێنراون و فەرمانی پێ کردوون بۆیە دەبێ هەر بگوترێن و وازیان لێ نەهێندرێ.

## 5- خوێندنەوە

1-پاشان خۆی بە خوا پەنا دەگرێ کە واجبەو ئەگەر نەیکا گوناهی دەگاتێ.

2- سوننەت وایە جارو بار بڵێ(اعوذ بالله من الشيطان الرجيم من همزه و نفخه و نفثه)

3-جارو باریش بڵێ(اعوذ بالله السميع العليم من الشيطان الرجيم).

4- پاشان لە نوێژی بە دەنگ و بێ دەنگدا بە پەنامەکی بڵێ(بسم الله الرحمن الرحيم).

## خوێندنەوەی فاتیحە

1-پاشن هەموو ئایەتەکانی سورەتی فاتیحە دەخوێنێتەوە کە بەسمەلەشی تێدایە خوێندنەوەی فاتیحە روکنێکی نوێژەو بەبێ فاتیحە تواو نابێ لەسەر نا عەرەبەکان واجبە ئەزبەری بکەن.

2-ئەوەی نەتوانێ با لە باتی فاتیحە بڵێ(سبحان الله والحمد لله ولا اله الا الله ولا حول ولا قوة الا بالله).

3-سوننەت وایە ئایەت ئایەت بیخوێنێتەوە و لە کۆتایی هەموو ئایەتەکانیش بوەستێ بڵێ: (بسم الله الرحمن الرحيم) و بوەستێ پاشان بڵێ(الحمد لله رب العالمين) و بوەستێ پاشات بڵێ(الرحمن الرحيم) و بوەستی ....ئیتر تا کۆتایی هەر بەم شێوەیە بێت.

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەموو ئایەتەکانی بەم جۆرە خوێندوەتەوەو لە کۆتایی ئایەتاکان دەوەستاو بەیەکەوەی نەدەبەستنەوە هەرچەند لە واتاشدا لەگەڵ یکتر پەیوەستن.

4-دروستە بە (مالك) یان بە(ملك) بخوێندرێتەوە.

## فاتیحە خوێندنەوەی موقتەدی

لەسەر موقتەدی واجبە لە نوێژی بێ دەنگیدا لە پاش خوێندنەوەی ئیمام فاتیحەکەی بخوێنێ هەروەها لە نوێژی بەدەنگیشدا ئەگەر گوێی لە خوێندنەوەی ئیمام نەبوو یان ئەگەر ئیمام لە پاش خوێندنەوەی فاتیحەکەیدا کەمێک کڕ ببێ تا موقتدی لەم ماوەیەدا بتوانێ فاتیحە بخوێنێ هەرچەند پێم وایە ئەم کڕ بونە لە سوننەتدا نەسەلماوە.

www.regayrasty.com

## خوێندنەوەی دوای فاتیحە

1-لە پاش خوێندنەوەی فاتیحە لە رەکاعەتی یەکەم و دووەم سوننەتە سورەتێکی تر یان چەند ئایەتێک بخوێنی تەنانەت ئەگەر لە نوێژی مردوشدا بێ.

2-جارو بار درێژە بە خوێندنەوەکەی دەدات و جارو باریش لەبەر چەند هۆیەکی وەکو سەفەر کردن و زگچون و نەخۆشی و گریانی منداڵ کورتی دەکاتەوە.

3-کورت و درێژ خوێندنەوەکە بە گوێرەی نوێژەکان دەگۆڕێ: خوێندنەوەی نوێژی بەیانیان لە هەر چوار نوێژەکانی تر درێژ تر دەبێ پاشن نیوەڕۆ پاشان مەغریب پاشان عیشا بە زۆری وایە.

4-خوێندنەوەی شەونوێژێ لە خوێندنەوەی هەر هەمو ئەو نوێژانە درێژترە.

5-سوننەت وایە خوێندنەوەی رەکاعەتی یەکەم لە هی دووەم درێژتر بێ.

6-خوێندنەوەی دوەمین دو رکاعەتیش بە قەد نیوەی خوێندنەوەی یەکەمین دو رکاعەت کورت تر بێ

## خوێندنەوەی فاتیحە لە هەموو رکاعەتەکاندا

1-خوێندنەوەی فاتیحە لە هەموو رکاعەتەکاندا واجیبە.

2-هەروەها سوننەتە جارو بار لە دوەمین دە رکاعەتدا لە پاش خویندنەوەی فاتیحە سورەتی تریش بخوێنێ.

2-بۆ ئیمام دروست نی یە خوێندنەوەکەی لەو ئەندازەیەی لە سوننەتدا هاتووە درێژتر بکاتەوە چونکە بۆ پیر و نەخۆش و ئافرەتی خاوەن منداڵی شیر خۆر و کەسانی کار لە ئەستۆ کە بە کۆمەڵی نوێژی لە دو دەکەن دەبێتە مایەی ئەستەم و زەحمەتی.

## بەدەنگ و بێدەنگی لە خوێندنەوەدا

1-خوێندنەوەی نۆێژی بەیانی و هەینی و هەردو رکاعەتی نوێژە بارانەو خۆرگیران و مانگ گیران و هەردو رکاعەتی یەکەمینی نوێژی مەغریب و عیشا بە دەنگ دەبێ بەڵام لە نوێژی نیوەڕۆ و عەسر و رکاعەتی سێ یەمی نوێژی مەغریب و دوەمین دە رکاعەتی عیشایشدا بە بێدەنگی دەبێت.

2-لە نوێژی بێدەنگدا بۆ ئیمام دروستە جار جارە ئایەتێکیان گوێبیست بکات.

3-بەڵام لە نوێژی وەتر و شەونوێژدا جارو بار بەدەنگ و جارو باریش بە بێ دەنگ دەبێ راددەی بەرز کردنەوەی دەنگەکەش مامناوەندی دەبێت.

## بە تەڕتیل خوێندنەوەی قورئان

سوننەت وایە قەرئان بە تەرتیل بخوێنێ پەلەپەل و تالوکە ی تێدا نەکات بەڵکو خوێندنەوەیەکی رون و رەوان و پیت پیتی بێت ئەمەش بە پێ ی ئەو رێ و شوێنانە بێ کە لە لای زانایانی تەجویدناسی ناسراوان بە ئاوازی لاییدەو لەسەر یاساکانی مۆسیقا نەبێ.

## راستکردنەوە بۆ ئیمام

موقتەدی بۆی هەیە بۆ ئیمام راست بکاتەوە ئەگەر هەڵەی کرد یان پێ ی بڵێ و بیری بێنێتەوە ئەگەر بۆی نەهات یان لە بیری کرد.

## 6-کڕنوش

1-ئەگەر لە خوێندنەوەکەی بۆوە ئێستێک دەکا ئێستکردنەکەی بە قەد ماوەی هەڵکێشانەوەی هەناسەکەی دەبێت.

2-پاشان دەستەکانی بەو چۆنیەتی بەرزدەکاتەوە کە لە تەکبیری نوێژدابەستندا باسکراوە.

3-دەڵێ (الله اكبر) کە واجبە.

4-پاشان کڕنوش دەبات بەو ئەندازەیە دەمێنێت*وە کە جومگەکانی ئارام بگرن و گشت ئەندامەکانی باری ئاسایی خۆیان وەرگرن ئەمەش روکنێکە.

## چۆنێتی کڕنوش بردن

1-هەردوو دەستی دەخاتە سەر ئەژنۆکانی و لێیان گیر دەکات پەنجەکانیشی لێک دەکاتەوە وە بڵێی ئەژنۆکانی گرتووە گشتیان واجبن.

2-پشتی رادەهێلێ و بە شێوەیەکی راست ڕایدەکشێنێ تەنانەت ئەگەر ئاویشی بەسەردا برژێنن ئاوەکەی لەسەر بوەستێ.

3-سەری نەوی ناکات و بەرزیشی ناکاتەوە بەڵکو لەگەڵ پشتیدا بە هەمان ئاست ڕایدەگرێ.

4-ئانیشکەکانی لە لای سینگی دوور دەخاتەوە.

5-لە کڕنوشەکەیدا سێ جار یان زیاتر دەڵێ: (سبحان ربي العظيم) واتە:پاکیگاری بۆ پەروەردگاری مەزن.

## یەکسانی ماوەی روکنەکان

1-سوننەتە ماوەی روکنەکان هەندی یەکتر بن واتە کاتەکەی کڕنوش و راوەستانی دوای کڕنوش و سوژدەو دانیشتنی نێوان هەردو سوژدە یەکسان بن.

2-نه له كڕنوش و نه له سوژدەدا دروست نی یه قورئان بخوێنێ.

## ڕاست بوونەوە له كڕنوش

1-پاشان له كڕنوش ڕاست دەبێتەوە كه ئەمەش ڕوكنێكه.
2-له میانەی ڕاستبەنەوەكەدا دەڵێ ( سمع الله لمن حمده) ئەمەش واجبه.
3-له كاتی ڕاستبوونەوەكەدا دەستەكانی بەو شێوازە بەرز دەكاتەوە كه له پێشودا باسمان كردووە.
4-پاشان قیت ڕادەوەستێ و ئارام دەگرێ تا گشت ئێسقانەكانی باری ئاسایی خۆیان وەردەگرنەوە ئەمەش ڕوكنه.
5-لەم ڕاوەستانەوەدا دەڵێ (ربنا ولك الحمد) ئەمە لەسەر هەموو نوێژكەرێك واجبه ئەگەر چی مەئمومیش بێ چونكه ئەمەیان یادی قیت ڕاوەستانەكەیه و تەسمیعەكەش یادی ڕاست بوونەوەكەیه.
6-ماوەی قیت ڕاوەستانەكەشی هەندی ماوەی كڕنوشەكەی دەبێت هەروەكو پێشتر باسمان كرد.

## 7-سوژدە بردن

1-پاشان تەكبیرێك دەكات.
2-جاروباریش دەستەكانی بەرز دەكاتەوە.

## دانەوین لەسەر هەردوو دەستان

1-پاشن لەسەر هەردوو دەستانی بەرەو سوژدە دادەنەوێ دەستەكانی پێش ئەژنۆكانی دادەنێتە سەر زەوی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانی به شێوەیه كردوەو هەر ئەمەش له پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم سەلمێنراوە. به هەڵوێستیشی له لاساكردنەوەی یخبونی حوشتر كردووە چونكه حوشتر كه یخ دەبێ لەسەر هەردو ئەژنۆی قاچەكانی دادەنەوێ.
2-ئەگەر  سوژدەی برد متمانه دەكاته سەر بەری هەردوو دەستی و لەسەر زەوی ڕایان دەخات.
3-پەنجەكانی به یەكەوە دەنوسێنێ.
4- سەری پەنجەكانی بەروە قیبله ئاراسته دەكات.
5-دەستەكانی له بەرامبەر شانەكانی دادەنێت.
6-جاروباریش له بەرامبەر گوێ یەكانی.

7–باسکەکانی لە سەر زەویدا بەرز دەکاتەوە –کە واجبە –و وەکە وەرکەوتنی سگ رایان ناخات.
8–لوت و نێوچاوانی رێک بە زەوی دەگەیەنێ.
9–ئەژنۆکانی لەسەر زەوی جێگیر دەکات.
10–هەروەها سەری هەردوو پێیەکانیشی جێگیر دەکات و هەڵیاندەنێ ئەمانە هەر هەمووی واجبن.
11–پەنجەی پێیەکانا روەو قیبلە ئاراستە دەکات.
12–پاژنەکانی لەگەڵ یەکتر جوت دەکات.

## رێک و هاوسەنگی لە سوژدەدا

1–لەسەری واجبە لە سوژدەبردنەکەیدا رێک و هاوەسنەگ بمێنێتەوە ئەمەش بەوە دەکرێ متمانەیەکی یەکسان بکاتە سەر گشت ئەندامەکانی سوژدەبردن کە ئەمانەن: نێوچەوان و لوت پێکەوە لە پی هەردوو دەستان هەردوو ئەژنۆ هەردە پێ.
2– ئەوەی لە سوژدەبردنەکەیدا بەم شێوەیە رێک هاوسەنگ ببێ هەڵبەتە ئارامی گرتوە کە ئارام گرتن روکنێکیەتی.
3–لە سوژدەکەیدا سێ جار یان زیاتر دەڵێ (سبحان ري الاعلى) واتە:پاکیگاری بۆ پەروەدگاری هەرەبەرزم.
4–خۆشخواز وایە نزا و پاڕانەوی زۆری تێدا بکات چونکە سوژدە جێگەی قبەوڵبونی نزاو پاڕانەوەیە.
5–سوژدە بردن لە سەر زەوی دروستە هەروەها لەسەر نێوانێکیش دروستە کە لە بەینی زەوی و نێوچەوانی دابێت واتە ئەگەر شتێکی وەکو جل و رایەخ و حسیر و هاوشێوەی ئەمانەش راخرابێ سوژدە بردنی لەسەر دروستە.
6–لە کاتی سوژدەدا قەرئان خوێندن دروست نی یە.

## ئیفتیراش و ئیقعاء لە نێوان هەردوو سوژدەدا

1– پاشان سەری بەرز دەکاتەوەو تەکبیر دەکات ئەمەش واجبە.
2–جارو باریش دەستەکانی بەرز دەکاتەوە.
3–پاشان دەدەنیشێ و ئارام دەگرێ تا هەموو ئێسقانەکانی شوێنی ئاسای خۆیان وەردەگرنەوە ئەمەش روکنێکە.
4– پێ ی چەپ رادەخات لە سەری دادەنیشێ کە واجبە.
5– پێ ی راستی هەڵدەنێ.
6–سەری پەنجەکانی پێ ی راستی روەو قیبلە ئاراستە دەکات.

7–جارو بار دروسته  یە شێوەی ئیقعاء دانیشێ واتە لەسەر هەدوو پاژنەو سینگە پێ یەکانی دابنیشێ.
8– لەم دانیشتنەدا دەڵێ: (اللهم اغفر لي وارحمني واجبرني وارفعني وعافيني وارزقني).
9–ئەگەر حەزیش دەکات با بڵێ (ربي اغفر لي ربي اغفر لي).
10– ماوەی دانیشتنەکەی درێژ دەکاتەوە تا دەگاتە نزیک ماوەی سوژدە بردنەکەی.

## سوژدەی دووەم

1– پاشان تەکبیر دەکات واجبە.
2–جاروباریش لەگەڵ ئەم نەکبیرەدا دەستەکانی بەرز دەکاتەوە.
3–ئینجا سوژدەی دووەم دەبات کە ئەویش روکنێکە.
4–هەمان وتەو کردەوەکانی سوژدەی یەکەم دوبارە دەکاتەوە.

## پشوە دانیشتن

1– کە سەری لە سوژدەی دووەم بەرز کردەوەو وسیتی بۆ رکاعەتی دووەم هەڵسێتەوە تەکبیر دەکات کە واجبە.
2–جاروباریش دەستەکانی بەرز دەکاتەوە.
3– پێش ئەوەی هەڵسێتەوە لە سەر پێ ی چەپەی قیت دادەنیشێ تا سەرجەم ئێسقانەکانی باری ئاسایی خۆیان وەردەگرنەوە.

## رکاعەتی دووەم

1–پاشان متمانە دەکاتە سەر هەردوو دەستی و هەڵدەستێتەوە دەستەکانی وەک هویرشێل دەقوچێنێتەوە و دەیان کاتە مست.
2–هەمان جولە و وتەکانی رکاعەتی یەکەمەی تێدا دووبارە دەکاتەوە.
3–بەڵام نزای دەستپێکردن ناخوێنێ.
4–لە رکاعەتی یەکەمیشی کورتتر دەکاتەوە.

## دانیشتنی تەحیات خوێندن

1–کە رکاعەتی دووەمی تواو کرد بۆ خوێندنی تەحیات دادەنیشێ کە ئەمەش واجبە.
2–بە شێوەی ئیفتیراش بەو چۆنیەتیەی لە دانیشتنی نێوان دوسوژدەدا باسمان کرد دادەنیشێ.
3– بەڵام لێرەدا دانیشتن بە شێوەی ئیقعاء دروست نی یە.

4- بەری دەستی راستی لەسەر ران و ئەژنۆی راستی دادەنێ کۆتایی ئەنیشکی راستەش لە ژوور رانی دت دەبێ و لێ ی دوور ناخاتەوە.

5-لەپی دەستی چەپی لەسەر ران و ئەژنۆی چەپی رادەخات.

6-لەو دانیشتنەدا دروست نی یە متمانە بکاتە سەر دەستەکانی بە تایبەتی دەستی چەپی.

## جولاندنی پەنجەی شایەتمان و تەماشا کردنی

1- هەموو پەنجەکانی دەستی راستی ئەنوشتێنێتەوە بەڵام پەنجە گەورەکەی هەندێ جار دەخاتە سەر قەنجەی ناوەراستی.

2-هەمدێ جاریش ئاڵقەیەکی لەگەڵ پەنجەی ناوەراست پێکدێنێ.

3- پەنجەی شایەتمانیشی بەرەو قیبلە ئاراست دەکات.

4-تەماشای پەنجەی شایەتمانی دەکات.

5-هەر لە سەرەتای تەحیات خوێندنەوە تا کۆتاییەکەی دەیجوڵێنێ و نزای پێ دەکات.

6-پەنجەی شایەتمانی چوپوی ئاراستە ناکات و نایجوڵێنێ.

7-ئەم کردانە لە هەموو تەحیاتێکدا دوو بارە دەکاتەوە.

## چۆنی یەتی تەحیات خوێندن و نزاکردنی کۆتاییەکەی

1-خوێندنی تەحیات واجبە ئەگەر لە بیریشی کرد دو سوژدەی سەهو دەبات.

2-بە پەنامەکی دەیخوێنێ.

3-چۆنی یەتیەکەی بەم جۆرەیە: ( التحيات لله والصلوات والطيبات السلام على النبي ورحمة الله وبركاته السلام علينا وعلى عبادة الصالحين اشهد ان لا اله الا الله واشهد ان محمدا عبده ورسوله).

4-پاشان درود بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەنێرێ و دەڵێ: (اللهم صلي على محمد وعلى ال محمد كما صليت على ابراهيم وعلى ال ابراهيم انك حميد مجيد..اللهم بارك على محمد وعلى ال محمد كما باركت على ابراهيم وعلى ال ابرهيم انك حميد مجيد).

5-ئەگەر مەبەستی بو دەتونێ کورتی بکاتەوە و بڵێ(اللهم صلي على محمد وعلى ال محمد كما صليت على ابراهيم وعلى ال ابراهيم اللهم بارك على محمد وعلى ال محمد كما باركت على ابراهيم وعلى ال ابرهيم انك حميد مجيد).

6-پاشان لەم تەحیاتەدا بە ئارەزوی خۆی بە هەندێ لەو نزایانەی واریدن لە خوا بپارێتەوە.

## رکاعەتی سێ یەم و چوارەم

1-پاشان تەکبیر دەکات کە واجبە سوننەت وایە لە دانیشتنەوە بیکات.

2-جاروباریش دەستی بەرز دەکاتەوە
3-پاشن بۆ رکاعەتی سێ یەم هەڵدەستێتەوە کە ئەوەش وەکو ئەوەی لە دوای دێت روکنە.
4-کە بۆ رکاعەتی چوارەمیش هەڵدەستێتەوە هەمان شت دەبارە دەکاتەوە.
5-بەڵام بەر لەوەی هەڵسێتەوە لەسەر پێ ی چەپی قیت دادەنیشێ تا هەموو ئێسقانەکانی شوێنی ئاسایی خۆیان وەردەگرنەوە.
6-پاشان متمانە دەکاتە سەر هەردوو دەستی و وەکە هەڵسانەوەکەی بۆ رکاعەتی دووەم هەڵدەستێتەوە.
7-پاشان لە هەر یەک لە رکاعەتی سێ سەم و چوارەمدا فاتیحە دەخوێنێ کە واجبە
8-هەندێ جار ئایەتێک یان زیاتریش لە پاشدا دەخوێنێ.

## قنوتی تەنگانە و شوێنەکەی

1- لەو کاتانەی موسڵمان توشی تەنگانەیەک دەبن سوننەت وایە قنوت بخوێنێ و نزایان بۆ بکات.
2-پاش ئەوەی لە کڕنوشی رکاعەتی کۆتاییدا هەڵدەستێتەوەو دەڵێ (ربنا ولك الحمد) لەوێدا دەیخوێنێ.

3-نزایەکی دیاری کراو تایبەت نی یە بەڵکو بەم شێوەیە نزا دەکات کە لەگەڵ تەگانەکەدا دەگونجێ.
4-لەم نزایەدا دەستی بەرز دەکاتەوە.
5-ئەگەر ئیمام بێ دەنگی هەڵدەبڕێ.
6-نوێژکەرانی دواوەشی دەڵێن (ئامین).
7-کە تواو بو تەکبیر دەکات و دەچێتە سوژدە.

## قنوتی وەترو شوێن و شێوازەکەی

1-قنوتی وەتر جاروبار دەکرێ.
2-شوێنەکەی بەر لە کڕنوش بردنی رکاعەتی کۆتاییە بە پێچەوانەی قنوتی تەگانە کە لە دوای کڕنوش بردنە.

3-قنوتەکەی بەم شێوازە دەخوێنێ: (اللهم اهدني فيمن هديت وعافيني فيمن عافيت وتولني فيمن توليت وبارك لي فيما اعطيت وقني شر ما قضيت فانك تقضي و لا يقضى عليك وانه لا يذل من واليت و لا يعز من عاديت تباركت ربنا و تعاليت لا منجا منك الا اليك).

4-ئەم نزایە لە فێرکردنەکانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بوە لەم نزایەدا هیچی تری زیاد ناخوێندرێ تەنها درود نارنی سەر پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نەبێ ئەویش لەبەر ئەوەیە یاوەران ڕەزای خوایان لێ بێ کردویانە و سەلمێنراوە.

5-پاشان کڕنوشێک و دوو سوژدە دەبات بەو شێوەی باسکراوە.

## تەحیات خوێندنی کۆتایی و دانیشتنی تەوە{وک

1-پاشن بۆ تەحیاتی کۆتایی دادەنیشێ کە  هەردووکیان هەر واجبن.

2-هەمان شتی تەحیات یەکەم دووبارە دەکاتەوە.

3-ئەوە نەبێ کە لێرەدا بە تەوە{وک دادەنیشێ واتە لاڕانی چەپەی دەخاتە سەر زەوی هەردوو پێ یەکانی لە لایەکەوە دەردێنێ قاچی چەپیشی دەخاتە بن قاچی ڕاستەی.

4-پێ ی ڕاستەی هەڵدەنێ.

5- دروستە جاروباریش ڕایبخات.

6- دەستی چەپەی دادەنێتە سەر ئەژنۆی چەپەی و متمانە دەکاتە سەری.

## واجبێتی درودناردن بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و خۆ پەنادان لە چوار شتان

1-لەم تەحیاتەدا واجبە دورود بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بنێرێ لە باسکردنی تەحیاتی یەکەمدا چەند شێوازێکمان لێخستوەتە ڕو.

2- لە چوار شتان خۆی بە خوا پەنا دەدات و دەڵێ (اللهم اني اعوذ بك من عذاب جهنم و من عذاب القبر و من فتنة المحيا والممات و من شر فتنة المسيح الدجال).

## نزاو پاڕلنەوە پێش سڵاودانەوە

پاشان بەو نزایانە دەپاڕێتەوە کە لە قەرئان و سوننەتدا هاتون نزاکانیش زۆرن و بەڕێژەویشنئەگەر هیچ نزایەکیشی لەوانە نەدەزانی با بە ئارەزوی خۆی کام نزای پێ سانایەو سودی دین یان دنیای تێدایە بەوان بپاڕێتەوە.

## سڵاو دانەو جۆرەکانی

**1-پاشن بۆ لای راستی سڵاو دەداتەوە کە واجبە سڵاودانەوەکەی بە شێوەیەک دەبێ کە لە دواوەڕا سیپایی روموتی ببینرێ.**

**2- بۆ لای چەپیشی سڵاو دەداتەوە ئەگەر چی لە نوێژی مردوشدا بێت بە شێوەیەک لە پشتەوەڕا سیپایی روموتی ببینرێ.**

**3- ئیمام لە سڵاودانەوەکەیدا دەنگ هەڵدەبڕێ تەنها لە نوێژی مردودا نەبێ.**

**4-سڵاودانەوەش چەند جۆرێکی هەیە:**

**1-بەلای راستیدا دەڵێ:**السلام عليكم ورحمة الله وبركاته **بە لای چەپیشیدا دەڵێ:** السلام عليكم ورحمة الله.

**2-وەکە یەکەم بەڵام بە بێ ووتنی** (وبركاته).

**3-بە لای راستیدا دەڵێ:** السلام عليكم ورحمة الله **بەلای چەپیشیدا دەڵێ : السلام عليكم.**

**4-یەک سڵاو دەداتەوە بەڵام روی خۆی کەمێک بە لای راستیدا دەسوڕێنێ.**

www.regayrasty.com